ئاسۆ بیارەیی
2005-7-23 تەکساس/ئەمریکا

# تیرۆریستانی چالاک و ئاسایشی پاسیڤ

تیرۆرستان هەموو کاتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دوودڵ نەبوون لە بەکارهێنیانی دزێوترین ڕێگای کورت بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و تۆقاندنی خەڵکی بێ چارە کە ڕۆژانە بە دوای بژێویدا وێڵە.
هۆکاری سەردانی تۆڕەکانی تیرۆر لە کوردستان زۆرن، لەوانە شەڕی براکوژی، سیاسیەتی زۆربێ و بۆربێ و گوێ نەدانی دەسەڵاتی کوردستانی باشوور بە مەسەلە هەنوکیەکانی کۆمەڵگەی کورد و چارەسەرنەکردنیان، بۆ نموونە، هەژاری و ئاستی بێکاری لە ناو لاواندا، کە کلیلی دواڕۆژیان پێیە و کەڵەکەبوونی گیروگرفتەکانیان.
هەروەها ڕێگەدان بە کردنی مزگەوتەکان بە لانەی پۆلیسی تیرۆرستان و سەنتەری جۆشدانی لایەنگران بۆ کاری تیرۆرستی و تێکدانی ئاسایشی کوردستان و لە بار بردنی گیانی نەتەوایەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

ڕاستە ئەمڕۆ تیرۆر بووەتە دیاردەیەکی جیهانی و مەترسییەکی گەورە، بەڵام شارێکی گەورەی وەکو شاری هەولێر، دوای زیاتر لە 13 ساڵ فەرمانڕەوایی کورد، هێشتا بێبەرە لە زۆر خزمەت گوزاری و گیانی گەندەڵی زاڵە بەسەر دامودەزگاکانیدا، چونکە ئەوانەی کە کوێخای شارن، نەک سنووری نەتەوە نازانن چییە، بەڵکو لە گرێی خێڵەکی و تایفەگەریدا تێک ئالاون، سنووری پیرۆزی کوردستانیان پساندووە، دڵەڕاوکێی ئەوەیانە بادینان و سەرمایەکەیان لە دەست نەدەن.

دەسەڵاتی کوردستانی باشوور دەبوو لە دوای ڕاپەڕین، چالاکانە دۆزی لاوان چارەسەربکات و گوێ ڕایەڵی داواکانیان بێت، نەک بیانکاتە سووتەمەنی شەڕی براکوژی و برسیان بکات، بۆ چەك هەڵگرتن باوەشیان بۆ بکاتەوە، دەبوو سووربێت لە سەر پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر، نەک مشەخۆر و پاسیڤ، کە هەردەم چاوەڕێی یارمەتی بێت. پەراوێزکردنی لاوان و کوشتنی داهێنانیان لە قاڵبی حزبیدا، گەورەترین زیانی گیانی و ماڵی داوە لەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگەی کوردستان.

تەقینەوەکانی شاری هەولێر و گرووپە تیرۆریستیەکەی شێخ زانا، نیشانەی پاسیڤیەتی دەزگاکانی ئاسایشە لە شاری هەولێر، لاوازیە لە پاراستنی گیانی هاوڵاتیان. دەکرا دەسەڵاتی ئەو شارە ،زووتر بیری لە دامەزراوەیەکی پتەوتر بکردایەتەوە، کە بتوانی ڕێگە لە دزەکردنی تیرۆریستان بگرێت و پلانەکانیان پێش وەخت ئاشکرابکات.

بنبڕکردنی تیرۆر و پارێزگاری ئاسایشی هەمووان، ئەرکی دەزگاکانی حکومەتە بەپلەی یەکەم. دۆزینەوەی کار و مسەوگەرکردنی بژێو، موچە و خوێندن، ڕیشەکێشکردنی هەژاری و دەستکورتی، گەورەترین چارەسەرن بۆ دۆزینەوەی دەرمانی توندڕەوی و سەرکوێرکردنەوەی تیرۆر.